# ماڵئاوایی لە ڕەخنە

حەمەسەعید حەسەن

لە کن ئێمە هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی تاوان نییە، ڕەخنەگرتن لە شەڕی براکوژی تاوانە! لە کن ئێمە براکوژ تاوانبار نییە، ڕەخنەگر تاوانبارە! لە کن ئێمە زۆر کەس لەسەر بیروڕا زیندانی کراون، وەلێ هێشتا لەسەر براکوژی کەس بە دادگە نەدراوە!

مێژووی هاوبەشی نێوان ینک و پدک بریتییە لە:

(١) شەڕ،

(٢) نە شەڕ نە ئاشتی،

(٣) ئاشتی.

لە کاتی شەڕی نێوانیاندا، کەس مافی ئەوەی نییە ڕەخنە لە هیچ لایەکیان بگرێت، ئاخر ئەگەر ڕەخنەی لە هەر لایەکیان گرت، مەبەستی بووبێت، یان نا، هەم خۆی لە سەنگەری لایەنەکەی دیکەیاندا دەبینێتەوە و هەم بەشداری لە خۆشترکردنی ئاگری شەڕەکەشدا دەکات! لە سەروەختی نە شەڕ نە ئاشتیی نێوانیاندا، کەس هەقی ئەوەی نییە، ڕەخنە لە هیچ لایەکیان بگرێت، ئاخر ئەگەر ڕەخنەی گرت، بەوە ئاگری خەفەبووی شەڕەکە دەگەشێنێتەوە و کارێک دەکات، دیسان کڵپەی شەڕی نێوخۆ هەموو کوردستان بگرێتەوە! لە سەردەمی تەبایی و ئاشتیی نێوانیشیاندا، کەس بۆی نییە ڕەخنە لە هیچ لایەکیان بگرێت، ئاخر ئەگەر ڕەخنەی گرت، کەسێکە شەڕخواز کە چاوی بە ئاشتیدا هەڵنایەت و هەوڵی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ دەدات.

بەوەدا ڕەخنەگرتن لەو دوو لایەنە، لە هەموو قۆناغێکدا، ئیدی سەروەختی شەڕی نێوانیان بێت، ئاشتیی نێوانیان بێت، یان کاتی نە شەڕ نە ئاشتیی نێوانیان بێت، هەر بە زیانی میللەت و هەر بە قازانجی دوژمن دەشکێتەوە، بەوەدا قۆناغەکە چارەنووسسازە، ڕەوشەکە هەستناکە و هەلومەرجەکە ناسکە، بۆیە چارەسەر ئەوەیە، ئیدی ئەو دوو لایەنە، هەر چییەکیان کرد، کەس ڕەخنەیان لێ نەگرێت!

ئەوانە سەهوو بوون کە دەیانگوت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە چەندان قۆناغی جیاوازی وەک: داکسالاری، بابسەروەری، چاخی بەردین، کۆمۆنەی سەرەتایی، کۆیلایەتی، شوانکارەیی، فیودالی، ڕێنیسانس، ناسەرمایەداری، سەرمایەداری، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمدا تێدەپەڕێت و دەڕوات تا دەگاتە کۆتاییی مێژوو، بۆیە ئەوانە بە سەهوو دەزانم، ئاخر کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەم بە پێوانە، کە تەنیا بە یەک قۆناغدا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێت، ئەو قۆناغەش، قۆناغی ناسکە، لە قۆناغی ناسکیشدا کە ئەگەری ناسکتربوونەوەشی هەیە، ڕەخنە

هیچی وای لە کوفر نەگەڕاوەتەوە.

ڕەخنەی بنیاتنەر، لای من، ماستاوەڕەخنەیە، ئەوی لەو جۆرە ڕەخنەیە بگرێت یان پەسەند بکات، بخوازێت یان نا، لە هۆشیارییەوە بێت، یان لە کاڵفامییەوە، ئاو بە ئاشی دەسەڵاتداراندا دەکات و میللەت فریو دەدات. دەسەڵاتدار بۆیە شەیدای ڕەخنەی بنیاتنەرە، چونکە بەو جۆرە فشەڕەخنەیە، جێپێی پتەوتر دەبێت، ئەو ژنەی بە ناوی دوا کۆنگرەی حیزبی بەعسی سووریاوە بۆ ڕۆژنامەنووسان دەدوا، زوو زوو دەیگوت: (ئێمە بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ڕەخنەی بنیاتنەر دەدەین.) من لە لای خۆمەوە، نە قەت ڕەخنەی بنیاتنەرم گرتووە و نە لە داهاتووشدا ماستاوەڕەخنە سارد دەکەمەوە، یان ڕەخنە ناگرم، یان کە ڕەخنەم گرت، ڕەخنەی وێرانکەر دەگرم.

بۆ ئەوەی تەلارێکی تازە بنیات بنێین، پێویستە کەلاوەیەک خاپوور و تەخت بکەین، بە داروپەردووی کۆنەکەلاوەیەک، کۆشکێکی نوێ بنیات نانرێت. قەت رووی داوە حیزبێکی کۆنەپارێز، لە ڕێی ڕەخنەی دۆستانە و هێمنەوە، بووبێتە حیزبێکی پێشکەوتنخواز؟ هەرگیز بیستووتانە دەسەڵاتێکی فاشیست، بە هۆی ڕەخنەی بنیاتنەرەوە، بووبێتە دەسەڵاتیکی دیموکرات؟ قەت ڕێ کەوتووە کۆکوژێک لە ڕێی ڕەخنەی نەرم و نیانەوە، بووبێتە ئینساندۆست؟

ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن، ئێمە فێری ئەوە بووین، بایەخ بەوی یەکەمیان بدەین و ئەوی دووەمیان فەرامۆش بکەین. بەوەدا کەس لە سەروو ڕەخنەوە نابینم، دیارە خۆیشم لە کەموکووڕی بەدەر نیم و زۆر ئاساییە وەک ڕەخنە لەم و لەو دەگرم، ڕەخنە لە خودی خۆیشم بگرم. ئالوودەبوون، ئیدی ئینسان ئالوودەی هەر چییەک بێت، ئەوە نیشانەی لاوازییە، من نە ئالوودەی سیگارم، نە هی کهوول، کە سەردانی میسرم کرد، لە قاوەخانەیەکی قاهیرەدا، یەک دوو نەفەسم لە نێرگەلەیەک دا، وەلێ هەرگیز هیچ جۆرە نارکۆتیکێکم تاقی نەکردووەتەوە. من ساڵانێکە ئالوودەی شتێکی ترم، ئەویش ڕەخنە لە ینک گرتنە، کە خاڵی لاوازی منە. ئەگەر هەست بە هەڵەی خۆمان بکەین و ددان بەوەدا بنێین کە فلانە هەڵەمان کردووە، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکە. لە ناوەڕۆکی هیچ ڕەخنەیەک، لە هەر کەس و لایەنێکم گرتبێت، پاشگەز نیم و هاکا کتێبی جەلالینامە بە شێوەیەکی پوختتر، بۆ جاری دووەم چاپ کرایەوە، وەلێ ددانی پێدا دەنێم، هەڵەی گەورەی من ئەوەبوو، کاتێکی زۆری خۆمم، بۆ ڕەخنە لە ینک گرتن تەرخان کرد، بۆیە بە توندی ڕەخنە لە خۆم دەگرم.

2005. 06. 28